# سایکۆلۆجیای مرۆڤی کورد وەکو نمونەیەک لە سایکۆلۆجیای مرۆڤی چەوساوە

**د.کەمال سەید قادر**

دیاردەی چەوساندنەوە یەکێکە لە هەرە کۆنترین پەیوەندی یە کۆمەلایەتی یەکان کەوا بونی پەیوەندی بە هیچ سیستەمێکی سیاسی تایبەت نی یە بەلکو یەکێکە لە کەموکورتی یەکانی سروشتی مرۆڤ کەوا مەیلی خۆپەرستیو چەوسانەوەی جۆراو جۆری مرۆڤانی تر دەکات ئەگەرچی ئەم دیاردەیەش لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر جیاوازی هەیە.

کەواتە کێشەی کۆمەلایەتی چەوساندنەوە وەکو نەخۆشی یەکی بەردەوامی هەمو کۆمەلگای مرۆڤایەتی یەکێکە لە خاسلەتەکانی کۆمەلگای مرۆڤایەتی خۆی بۆیە بە درێژایی بونی ئەم کۆمەلگایە هەبوە، وە لەوانەیە هەرگیزیش نەتوانرێت بە تەواوەتی بنبڕ بکرێت بەلام دەکرێت لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا سنوردار بکرێت لە ڕێگای خەباتی بەردەوام دژی، ئەمیش بە پێ ی مەرجەکانی هەر کۆمەلگایەک دەگۆڕێت.
لە کۆمەلگایەکی مەدەنیدا بۆ نمونە کەوا یاسا سەروەر بێت دەتوانرێت لە ڕێگای تاوتۆ کردنی یاسای جۆر بە جۆر بەربەرەکانی دیاردەی چەوساندنەوە بکرێت وەکو یاسایەک بۆ پاراستنی مافەکانی کرێکارو منالو ئافرەتو کەمئەندام. لە کۆمەلگا بەرەلاکانیشدا کەوا بەکارهێنانی هێز پەیوەندی یە کۆمەلایەتی یەکان ڕێکدەخات هەروەکو یاسای جەنگەلو دەریا کەوا دڕندەترینو بە هێزترین زیندەوەر زالە بە سەر زیندەوەرەکانی تر، بەربەرەکانی ئەم دیاردەیە زیاتر شێوازی توندو تیژی وەردەگرێت چونکە چەوسێنەر دەبێت بەو یاسایە بەربەرەکانی بکرێت کەوا خۆی داناوە ئەمیش یاسای بەکارهێنانی توندو تیژیو هێزە.

چەوساندنەوە بە هەمو شێوەکانی یەوە بە پێناسە گشتی یەکەی هەردەم خۆزالکردنە بە سەر کەسانی تردا لە ڕێگای بە کار هێنانی زۆرەوە. دەولەت هاولاتیانی دەچەوسێنێتەوە لە ڕێگای بە کارهێنانی هێز بە شێوەیەکی نایاسایی یاخود یاساکانی ئەم دەولەتە خۆیان ناعادیلانەن وە مەبەستی سەرەکی یان چەوسانەوەیە نەک بەرپاکردنی عەدالەت. چەساندنەوەش هەم مەبەستەو هەم ئامرازیش. چەوساندنەوە مەبەستە ئەگەر مرۆڤی چەوسێنەر نەتوانێ پەیوەندی یە کۆمەلایەتی یەکانی خۆی بە شێوەیەکی سروشتی ڕێکبخات وەکو ئەوەی خۆی نەخۆشی یەکی دەرونی هەبێتو خاوەن دەسەلاتیش بێت، ئەو کاتە چەسانەوە تەنها لە پێناوی تێرکردنی دەرونێکی نەخۆش ئەنجام دەدرێت. بۆ نمونە ئەگەر کەسێک دەسەلات یاخود سەرمایەی بە میرات بۆ بە جێ بمێنێت کەوا دەسەلاتێکی زۆری پێ ببەخشێت وە لە هەمان کاتیشدا نەخۆشیش بێت، ئەوا ئەو کەسە دەتونێت ئەم دەسەلاتە بە کار بێنێت وەکو هۆیەک بۆ کپ کردنی گرپەی نەخۆشی یە دەرونی یەکەی.

چەوساندنەوە ئامرازیشە ئەگەر کەسانێک بیانەوێ سیستەمێکی ناعادیلانەی سیاسی یاخود ئابوری دامەزرێنن یاخود بیپارێزنو پەرەی پێ بدەن وەکو بۆ نمونە سیستەمە دکتاتۆری یەکان.

 چەوساندنەوە هەر شێوەیەک وەرگرێتو هەر کەسێک ئەنجامی بدات بریتی یە لە بەدکاریو ئیهانە کردنی کەرامەتی مرۆڤ لە ڕێگای بە کارهێنانی هێزەوە یاخود هەڕەشەکردن پێ ی. لە جیهانی ئێستادا لە بەربلاوترین شێوەکانی چەوساندنەوە چەوساندنەوەی سیاسیو ئابوریو خێزانی یە، کەچی لە سەدەکانی ناوە ڕاستدا زیاتر چەوساندنەوە ی ئاینی بو وە لە سەدەکانی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستیشدا چەوساندنەوەی ئابوری سەرمایەداری بو کەوا کۆلۆنیالیزمیش دەگرێتەوە. لە کۆمەلگای کوردەواری ئێستا بە پێ ی هەر یەکێک لە مەرجەکانی ئەم وولاتانەی بەشێکی کوردوستانیان کەوتۆتە نێو سنوری یە سیاسی یەکانیان، جۆری چەوساندنەوەی لە کوردوستانی عێراقی لێ دەرچێت بە شێوەیەکی گشتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی یە، کوردوستانی عێراق بە شێوەیەکی گشتی لە قۆناغی چەوساندنەوەی نەتەوەیی ڕزگاری بوە بەلام چەوساندنەوەی سیاسیو ئابوری جێگای گرتۆتەوە.

کەمترین ئاستی چەوساندنەوە لە سیستەمە دیمکراسیە ڕاستەقینەکانا ڕو دەدات واتە لەم سیستەمانەی کەوا میللەت بە ڕاستی حوکمی خۆی دەکات، چونکە کە میللەت حوکمی خۆی کرد ماقول نی یە میللەت بە دەستی  خۆی ، خۆی بچەوسێنێتەوە.

چەوساندنەوە بە دیاردەیەکی بەدو ناعادیلانە دادەنرێت چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆو درێژخایەنی خراپی لە سەر کۆمەلو تاکە کەس هەیە. کاریگەری ڕاستوخۆی هەیە کاتێک مرۆڤی چەوساوە لە ژێر دەستی چەوسێنەور ئازاری جەستەیو دەرونی دەبینێت کەوا یەکسەر لە گەل نەمانی چەوسانەوەکە کۆتایی دێت. بۆ نمونە لە گەل قەدەغەکردنی کوێلایەتی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا، کوێلەکان لە لایەنی یاسایی یەوە ئازاد بون وە مامەلە کردن لە گەلیان وەکو کالا هەلگیرا.
کاریگەری درێژخایەنیش کوشندەترین کاریگەرین لە سەر مرۆڤی چەوساوەو نەوەکانی هەتا پاش نەمانی چەوسانەوەکەش. ئەم کوێلەیەی کەوا لە کوێلایەتی ئازاد دەکرێت جەستەی ئازادە بەلام چەوسانەوەی کوێلایەتی گیانی کوێلایەتیو بڕوابەخۆنەبونو خۆبەکەمزانینو سیستی لا دروستکردوە کەوا پاش چەند سەدەش لە نەوەکانی ئەم کوێلانە بە دی دەکرێن. ئەو کەسەی ئەشکەنجە دەدرێت هەرچەندە ئەشکەنجەکەش کۆتایی بێت، برینی قول لە  جەستەو دەرونی ئەم کەسە جێ دەهێلێت. چەوساندنەوە برینی وا سەخت لە دەرونی کەسایەتی مرۆڤی چەوساوە جێ دە هێلێت کەوا لەوانەیە  زۆر  لەو برینانە کوشندەتربن کەوا گوللە لە جەستەی مرۆڤێک جێ ی دەهێلێت.

زانایانی سایکۆلۆجیو کۆمەلناسی بەم دیاردەیە دەلێن سایکۆلۆجیای چەوساندنەوە یاخود سایکۆلۆجیای ڕزگار بون چونکە ئامانجی ئەم لقەی زانست ئەوەیە برینەکانی مرۆڤی چەوسێندراوە دەستنیشان بکاتو ئاساوەرەکانیان بسرێتەوە وە هێزێکی نوێیان پێ ببەخشێت لە بڕوا بە بە خۆبونو داهێنانو نەترسی. ئەم لقەی زانست هەولدەدات ووزەی خەوتو لە ناخی مرۆڤی چەوساوە بە ئاگابێنێتەوەو هێزێکی نوێ ی پێ ببەخشێت کەوا پێ ی دەلێن هێزی لاوازەکان.

بەناوبانگترین زانایانی ئەم بوارە وەکو نوسەرو شورشگێڕو پزیشکی فەرەنسی Franz Fanon وە زانای بواری کۆمەلایەتی بەرازیلی Paulo Freire وە زاناو نوسەری فەرەنسی Albert Memmi جگە لە فەیلەسوفی فەرەنسی سارتەرو ژمارەیەک لە زانایانو نوسەرانی تریش، لە لێکۆلینەوەکانیاندا هەولیانداوە دەست بخەنە سەر ئەم برینانەی کەوا چەوساندنەوە لە گیانی مرۆڤدا جێ ی دەهێلێت ئەمیش بە مەبەستی زالبون بە سەریاندا وە ڕزگارکردنی مرۆڤ لە عەقلیەتی مرۆڤی بێ دەسەلاتو چەوساوە وە هاندانیشیان بۆ ڕزگار کردنی خۆیانو خەلقانی تریش لە دەست چەوساندنەوە.

ئەم لقەی زانست لەوانەیە لە لقە هەرە گرنگەکانی ئەم بوارە بێت بۆ میللەتی کورد چونکە کەم میللەت هەیە لە جیهان بە ڕادەی میللەتی کورد بە دەست چەوسانەوەی جۆراو جۆر نالاندیبێت. ئەوا لە دوو هەزار سال زیاترە میللەتی کورد لە ژێر دەستی داگیرکەر دەچەوسێنرێتەوە لە هەمو لایەنێکەوە، داگیرکەریش هەرگیز تەنها بە چەوساندنەوەی مرۆڤی ژێر دەستی ناوەستێت بەلکو هێرش دەباتە سەر مێژوو کولتورو کەسایەتیو کەرامەتی ئەم مرۆڤەش وە هەتا بشکرێت خەسلەتی مرۆڤایەتی لێ دەسێنێتەوە وە هەولی زیاتریش دەدات بۆ قەناعەت هێنان بە مرۆڤی چەوساوە بۆ قەبولکردنی حالەتی چەوساندنەوەکەیو وە وەرگرتنی بە شێوەیەکی سروشتی تاکو گیانی کۆیلایەتی لە ناخی ئەم مرۆڤە دروستبکات تا ئەو کاتە پێویستی بە زنجیر نەبێت بە بەردەوامی بۆ ژێر دەستکردنی ئەم مرۆڤە بەلکو گیانی لە ناخەوە زنجیر دەکات لە ڕێگای تێکشکاندنی کەسایەتی ئەم مرۆڤە.

ئایا دەبێ مرۆڤی کورد پاش سەدەها سال لە چەوساندنەوە گیانی لە ناخەوە بە چەند زنجیر بەسترابێتەوە یاخود چەند برینی سەرڕێژ نەبوی چەساندنەوە ئازاری دەرونی تێکشکاوی بدەن؟

بەراوردکردنی کەسایەتی مرۆڤی کورد لە ژێر تیشکی سایکۆلۆجیای چەوساندنەوە ئەم ڕاستی یە دەردەخات کەوا کەسایەتی مرۆڤی کوردی هەمو دیاردەکانی سایکۆلۆجیای چەوساندنەوەی لێ بە دی دەکرێت.

ئەم هەمو دیاردە ناڕێکانەی لە کۆمەلگای کوردی بە شێوەیەکی گشتی بە دی دەکرێن وەکو خیانەتو، بێگانەپەرستیو، خۆخۆریو، جاشایەتی، بەکارهێنانی توندی تیژی لە نێو خێزانو کۆمەلو، بڕوابەخۆنەبونو، براکوژیو، گەندەلیو، درۆ لە گەل یەکتر کردنو، سستیو، بێ باکیو، لاوازی لە داهێنانو بەرهەم هێنانو جەهالەت هەرەمویان هۆکاری سەرەکی یان چەوساندنەوەی ئێستاو ڕابردوی میللەتی کوردە.

ئەم خەسلەتانەش تەنها تایبەت نین بە مرۆڤی کورد بەلکو هەروەکو ئەم بابەتە هەولی سەلماندنی دەدات لە مرۆڤی هەمو کۆمەلگا چەوسێنراوەکان بە دی دەکرێن.

## سایکۆلۆجیای مرۆڤی کوردی وەکو نمونەیەک لە سایکۆلۆجیای مرۆڤی چەوساوە

لە ڕاسیدا بە تەواوەتی ڕاست نی یە مرۆڤی کورد وەکو مرۆڤێکی چەوساوە سەیر بکەین بە لکو ئەو زیاتر مرۆڤێکی کوێلەیە، چونکە مرۆڤی چەوساوە زیاتر لە بەشێک لە مافەکانی بێ بەشدەکرێت کەچی مرۆڤی کوێلە خاوەن وویستی خۆی نی یە هەروەکو مرۆڤی کورد کەوا خاکەکەی داگیرکراوەو ناتوانێ بە بڕیارێکی یەک لایەنە خۆی لەم داگیرکردنە ڕزگار بکات، بەلکو چاوەڕوانی ئەوەیە کەوا خاوەنەکەی، واتە داگیرکەری خاکەکەی ڕۆژێک دەستی لێ بەردات.

جا چ کوێلەو چ چەوساوە مرۆڤی کوردیش وەکو هەمو مرۆڤێکی چەوساوەی تر لە جیهان بە پێ ی سایکۆلۆجیای چەوساندنەوە، چەند ئاسەوارێکی درێژخایەنی چەوساندنەوەی لە گیاندا دروستبوە، کەوا بەبەردەوامی وەکو برینێکی سەرڕێژنەبو تەشەنە داکات پاشماوە دەردەدات.

مرۆڤی چەوساوە بە ڕای Fanon پێش هەمو شتێک مرۆڤێکی دەم گیراوەو ناتوانێت ڕای خۆی بە ئازادی دەرببڕێ بۆیە ئەم دەمگرتنە دەبێتە سەرهەلدانی کۆمەلێک نەخوشی لە دەرونی کەوا کار لە تەندروستی جەستەکەیو هەلسوکەتی لە نێو کۆمەلدا دەکەن وەکو ڕەقبونی بەردەوامی ماسولکەکانو هەناسە بڕکێیی  چونکە مرۆڤی چەوساوە وەکو مرۆڤێکە کەوا هەردەم ڕاوبنرێت بۆیە ماسولکەکان هەردەم خۆیان لە حالەتی ئامدەباشی دەبیننەوە بۆ ڕاکردنو خۆ دەربازکردن لە دەست چەوسێنەر.
سەیری مرۆڤی کورد بکەن لە سەرتاپای کوردوستان دەبینن کەوا بە دەگمەن مرۆڤێکی کورد هەیە خۆی لە حالەتی ڕاودونانو ترسو تۆقاندن نەدۆزێتەوە بۆیەشە بەشی هەرە زۆری خەلقی کوردوستان لە هەمو بەشەکانی یەوە بە دەستی هەناسە سواریو ڕەقبونی ماسولکەکانی پشتو مل دەنالێنێت کەوا کار دەکاتە پرۆسەی بایۆلۆجی ئەم کەسانەش.

ئەوانەی لە ماوەی جیا جیا دەگەڕێنەوە کوردوستان دەبینن  مرۆڤی کورد بە چ خێرایی یەک توشی پیری دەبێت یاخود توشی نەخۆشی جۆراوجۆر دەبێت، بە بەراوردکردنی لە گەل ئەم کوردە هاو تەمەنانەی خۆی کەوا ماوەیەکی دورو درێژە لە دەرەوەی کوردوستان دەژین. ئەمەش تەنها پەیوەندی بە ئاستی ئابوری مرۆڤی کورد نی یە چونکە مرۆڤی کورد لە کوردوستان هەر هەموی هەژار نی یە.

دیاردەی بە کارهێنانی توندوتیژیش دژ بە یەکتر لە ناو کۆمەلگایەکی چەوساوەدا، بە ڕای هەردو زانایان Fanon وە Memiیەکێکە لە ئاسەوارە ترسناکەکانی تری مرۆڤی چەوساوە، ئەم دیاردەیەش ترسناکی یەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کەوا مرۆڤی چەوساوە بۆ خۆ ڕزگارکردن لەو پالەپەستۆیەی کەوا چەوسێنەر دەیخاتە سەر دەرونی، پەنا دەباتە بەر بە کارهێنانی توندوتیژی دژ بە کەسانی دەوروبەری خۆی یاخود کۆمەلگاکەی ئەگەر بۆی لوا ئەمەش بۆ گواستنەوەی ئەم پالەپەستۆیەی خراوەتە سەری  بۆ سەر شانی یەکێکی تر وە خۆ دەربازکردن لێ ی چونکە ئەم دەستی ناگاتە چەوسێنەر یاخود هەر ناوێرێت بەرهەلستی بکات. لێرەدا Fanon نمونەی کۆمەلگای جەزائیری دێنێتەوە لە ژێر دەسەلاتی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی ڕابردو کەوا چۆن ڕادەی تاوان لە نێوان جەزائیری یەکاندا دژ بە یەکتر بە شێوەیەکی سامناک زیادی کردبو. هەتا شۆرشی جەزائیر دەستی پێ کرد ئێنجا ئەم ڕێژەیە هاتە خوارەوە چونکە خەلقانی چەوساوە هەلێکیان بۆ خولقا ڕقوقینەی خۆیان ئاراستەی داگیر کەری فەرەنسی بکەن نەک دژ بە یەکتر لە بێ چارەییا.
لە کوردوستانیش سەیرکەن چۆن دیاردەی خۆخۆریو براکوژیو جاشایەتی بەربلاوە کەوا تایبەت نین بە تەنها بە میللەتی کورد بەلکو دیاردەیەکی ئاسایین کەوا لە هەمو کۆمەلگایەکی چەوساوە سەرهەلدەدەن. مرۆڤی کورد پەنا دەباتە بەر براکوژی یاخود جاشایەتیو قڕکردنی کۆمەلگای خۆی چونکە دەستی بە دوژمنەکەی خۆی ناشکێت یاخود لە ترسنۆکی خۆیدا لە جیاتی ئەوەی تاو بداتە چەوسێنەر، ڕقوقینەی خۆی ئاراستەی براکەی خۆی دەکات لە کۆمەلگا. مرۆڤی ترسنۆک هەردەم بە دوای یەکێکی لە خۆی بێ هێز دەگەڕێت تاکو ڕقوقینەی چەوسانەوەی لە لایەن یەکێکی لە خۆی ب هێزتری پێ داڕێژێت.
بۆیە دەبینین لە کۆمەلگای کوردەواری توندو تیژی لە ناو خێزانیش بە شێوەیەکی گشتی بەربلاوە. دیاردەی لە منالدانو لە ژندان لە خێزانی کوردەواری ئەم ڕاستی یە دەسەلمێنن، کەچی هەمان مرۆڤی کورد کە لە دەرەوەی کوردوستان نیشتە جێ دەبێت وە ئەم پالەپەستۆیەی داگیرکەری لە سەر نامێنێت یەکسەر هەلوێستیشی بەرامبەر بە بەکارهێنانی هێز دەگۆڕێت وە بە دەگمەن پەنا دەباتە بەر کاری توندو تیژی دژ بە ژنومنالو کەسانی تری دەوروبەری خۆی.

دیاردەی بە کارهێنانی توندوتیژی لە نێو خێزانندا بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ترسنۆکیو بێ دەسەلاتی ئەو کەسەی بەم جۆرە تاوانانە هەلدەستێت.

جاری واش هەیە مرۆڤی چەوساوە توشی دڕندایەتیش دەبێت وەکو کاری تێرۆریستی. سەیرکەن دیاردەی تێرۆرو سەربڕینو ڕفاندنو ژنکوشتنو لە منالدانو بەدڕەفتاری لە گەل کەم ئەندامان چەند بەربلاوە لە سیستەمە دکتاتۆری یەکاندا. ئەم مرۆڤانەی خۆیان دەتەقێننەوە بە ڕوی خەلقانی بێ چارەو سیڤیل هەمان ئەم خەلقانەن کەوا لە دەست چەوساندنەوە دەنالێنن. بۆ سەلماندنی ئەم تیۆری یەش دەتوانین نمونەی کوردوستانی عێراق بهێنینەوە دەبینین کەوا دیاردەی تێرۆر لەم ناوچانەی ڕوبەڕوی چەوسانەوەی قورس بە هەمو جۆرەکانی دەبنەوە دیاردەی تێرۆر بە دڕندەترین شێوەی بە دی دەکرێت. وەکو هەولێر بۆ نمونە کەوا ئیدارەی هەولێر بە هەمو جۆرێک لە ڕێگای گەندەلیو چەوساندنەوەی سیاسیو ئابوری لە خەلقی ئەم شارە ئیهانە دەکات، دیاردەی تێرۆر لەم شارەدا بە دڕندەترین شێوەی سەری هەلداوە، وەکو خۆتەقاندنەوە دژ بە خەلقانی بێ گوناهو سەربڕینو ڕفاندن. کەچی دیاردەی تێرۆر لە سلێمانیو دهۆک بەو شێوەی هەولێر نی یە چونکە چەوسانەوەش لەم دوو شارەدا ناگاتە ئاستی هەولێر.

زانایان ئاماژە بۆ جۆرێکی تر لە ئاسەوارەکانی چەوساندنەوە دەکەن لە ناو کۆمەلگای چەوساوە وەکودیاردەی خیانەتو درۆکردن لە گەل یەکترو داوێنپیسیو دزی کردن کەوا گەندەلیش دەگرێتەوە.
هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چونکە مرۆڤی چەوساوە هەردەم خۆی لە حالەتی ڕاوکردن دەدۆزێتەوە، بە دوای دەرفەتێکدا دەگەڕێت یەکێکی تر لە جیاتی خۆی بکاتە قوربانی بۆ ئەوەی خۆی دەربازی بێت بۆیەشە دیاردەی جاسوسی لە سەر یەکتر کردنو ڕاپۆرت لە سەر یەکتر نوسین لە سیستەمە چەوسێنەرەوەکاندا زۆر بەر بلاون.
لە کوردوستاندا دیاردەی خیانەت لە یەکتر کردنو سیخوڕی کردن بۆ ڕژێمی بەعسی ڕابردو لە سەر هەمو ئاستێکدا هەتا لە نێو خێزانەکانیش زۆر بەربلاو بو هەروەکو بەلگەنامە سیخوڕیەکان پشانی دەدەن وە هەتا ڕیزەکانی سەرکردایەتی هەندێ لە حیزبەکانیشی گرتبوەوە. ئەم دیاردەیە ئێستاش لە کوردوستانی عێراق بە دی دەکرێت چونکە چەوساندنەوەی سیاسی هەر بەردەوامە ئەگەر جیاوازی زۆریشی هەبێت لە گەل ڕژێمی بەعس.
درۆ کردنیش لە لایەن مرۆڤی چەوساوەوە دەبێتە جۆرێک لە هونەری خۆ دەربازکردنو چەواشە کردنی چەوسێنەر تاکو وای لێ دێت دەبێتە پیشەیەکی ئاسایی مرۆڤی چەوساوە ئەگەرنا بە ڕاستگۆیی ژیانی زۆر کورت دەبێت. ئەو لەوانەیە ناچار بکرێت بۆ پاراستنی ژیانی خۆیو دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەی بچێتە ڕیزی ڕێکخراوێکی سیاسی کەوا بە هیچ جۆرێک بڕوای پێ نەبێت، یاخود هەتا ببێتە زوڕناژەن بۆ سەرکردەیەک کەوا لە ناخی دلی یەوە ڕقی لێ ی بێت. بەلام ئەم دوو ڕوی یەش نرخی خۆی هەیە چونکە ئەم جۆرە مرۆڤە دەکەوێتە شەڕێک لە گەل ویژدانی خۆی کەوا بە جۆرەها نەخۆشی دەرونیو جەستەیی لێ ی دیاردەکەوێت. ئەم دیاردانەش لە کوردوستان زۆر بەربلاون، وەکو ئەوەی

چونە ڕیزی حیزبێکی سەرەکی جۆرێک بێت لە کاسبی کردن وە پیاهەلدانی ئەم سەرکردەو ئەو سەرکردە دەبێتە هۆیەک بۆ حەسانە پەیداکردن دژ بە چەوسانەوە یاخود وەرگرتنی ئیمتیازات. هەتا هەندێک نوسەرانیش زۆر دور نین لەم دوو ڕوی یە بەلکو قەلەمەکانیان دەبێتە ئالەتێک بۆ بە کرێ دان کەوا لە سیستەمە دیکتاتۆری یەکان ڕەواجی زۆرە چونکە دکتاتۆر لە خۆ پەرستی خۆی حەز بە پیا هەلدان دەکات وە ئەمەش بە باشترین شێوە نوسەران دەتوانن ئەنجامی بدەن.
درۆ کردنیش زۆر لە دزی کردنو داوێنپیسی دور نی یە بۆیە دەبینین گەندەلی ئیداری کەوا شێوەیەکە لە دزی کردن بە شێوەیەکی گشتی بەربلاوە لە کوردوستاندا وە لە سەر هەمو ئاستێکیشدا کەوا لە سەرەوە خەسترین شێوە وەردەگرێت.
دیاردەی گەندەلی ئێستا لە کوردوستان نەک هەر بە عەیب ناچێت بەلکو ئەوەی نەشی کات بە گەمژەو بێ دەسەلات لە قەلەم دەدرێت.

کەسایەتی مرۆڤی چەوساوە کەسایەتی مرۆڤێکی سستو خاوە، ڕقی لە خۆیو ئەوەی بەرامبەریەشیتی، توانای نی یە ناڕەزایی خۆی بە ئاشکرایی بەرامبەر بە چەوسانەوەکەی دەرببڕێ چونکە ترسی تۆلەسەندنەوەو چەوساندنەوەی زیاتر دەکات، بۆیە جاری وا هەیە پەنا دەباتە بەر خۆ خافلاندن بۆ دۆزینەوەی پاساوێک بۆ چەوساندنەوەکەی. ئەو کەسەی دەسەلاتێکی سیاسی دەیچەوسێنێتەوە خۆی بەوە فریودەدات کەوا ئەم چەنوساندنەوەیە لە پێناوی ئاسایشو بەرژەوەندی گشتی یە، وە ئەو ژنو منالانەی لە مال شەقو شولاق دەخۆن سزاکانیان دەکەن بە بەشێک لە دەربڕینی خۆشەویستی لە لایەن کەسوکاریانەوە وە گوایە لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان ئازار دەدرێن، جاری واش هەیە مرۆڤی چەوساوە قەناعەت بەوە دێنێت کەوا ئەمە چارەنوسی یەتی لەم جیهانە وە دەبێ قەبولی بکات. ئەم جۆرە خۆفریودانە باری ئەو مرۆڤە چەوساوە نەختێک سوک دەکات کەوا ناتوانێ ڕوبەڕوی چەوسانەوەکەی ببێتەوە، ئەگەر نا دەبێ پەنا بباتە بەر خۆ کوشتن وەکو زۆر لە تێڕۆریستان یاخود ژنانی بێ چارە پەنای بۆ دەبەن.

کەم بەرهەمیو لاوازی لە داهێنان لە خاسلەتەکانی تری کەسایەتی مرۆڤی چەوساوەن، ئەمەش بە ڕای Fanon لە کۆمەلگایەکی ژێر دەستدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا تاکە کەس بە ئەنقەست وەکو هۆیەکی ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر چەوسانەوە گورجی ئابوری لە دەسەلات دەوەشێنێ، چونکە بە ڕای ئەوان هەر پێشکەوتنێکی ئابوری بە سودی دەسەلاتی چەوسێنەر دەگەڕێتەوە، سیستیو کەم تەرخەمی دەبێتە جۆرێک لە خەبات کردن دژ بە چەوساندنەوە. دیارە هۆی دوا کەوتنی ئابوری کوردوستانیش کەوا بە سەدەها سالە داگیرکراوە هەر بۆ ئەم هۆکارە دەگەڕێتەوە کاتێ خەلقانی کوردوستان لە بەرهەمهێناندا هەولیانداوە تەنها بە قەد پێویستی یەکانی خۆیان بەرهەم بێنن ئەگەر کەمتریش نا چونکە

بە ڕای ئەوان هەرچی زیاد بێت هەر بۆ داگیرکەر دەبێت، بۆیەشە ژیانی مرۆڤی کورد هەردەم نەمرونەژین بوە.

چەوساندنەوە مرۆڤێک دروستدەکات کەوا بڕوای بە خۆی زۆر کەمە بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕیی یەی خۆی پەنا دەباتە بەر لاسایی کردنەوەی چەوسێنەر تاکو خۆی لە شوێنی ئەودا بدۆزێتەوە.
سەرنجردەنە پیاوانی سیستەمە دکتاتۆری یەکان چۆن ئەمانە لە جلوبەرگو ڕوخسار رلاسای خودی دکتاتۆر دەکەنەوە. ئەگەر دکتاتۆر سمێلی هەبێت ئەوا زۆر لە پیاوانی ژێردەستی ئەم ڕژێمە بە هەمانجۆر سمێلێک دادەنێن لە سەر مۆدیلی سمێلی دکتاتۆر.
بە بۆچونی زانای فەرەنسی Albert Memi لە کتابەکەیدا "مرۆڤی ژێردەست" جاری وا هەیە مرۆڤی چەوساوە ئەگەر دەسەلاتی هاتە دەست لە چەوساندنەوەشا لاسایی چەسێنەرەکەی پێشوی خۆی دەکاتەوە ئەگەر لەمیش خراپتر نەبێت. ئەم تاوانانەی ئیسرائیلی یەکان بەرامبەر بە فەلەستینی یەکانی دەکەن زۆر لەم تاوانانە دەچن کەوا نازیە کان بەرامبەر بە جولەکەکانیان دەکرد. لە عێراقی ئێستاشدا سەیری کەن چۆن هەندێ لەوانەی لە ژێر دەستی چەوسانەوەی ڕژێمی بەعس دەیانناڵاند ئێستا خۆیان هەولی چەوساندنەوەی لایەنەکانی تری وەکو کورد دەدەن. با زۆر دوریش نەڕۆیین سەیری دەسەلاتی کوردی خۆمان بکەین سەیری کەن چۆن زۆر لە میتۆدەکانی ڕژێمی بەعسی پێشو دژ بە نەیارانیان بە کار دێنن وەکو کوشتنو ئەشکەنجەدانو بێ سەرو شوێنکردنو زیندانی کردن، وە یاخود هەتا هەر هەمان پیاوانی ڕژێمی پێشو وەکو کۆنە جاشو ئەنفالچی یەکان بە کار دێنن بۆ ئەنجامدانی چەوساندنەوە لە کوردوستان.

چەوساندنەوە ئەگەر مرۆڤ بەرەنگاری نەبێتەوە دەتوانێت گیانێکی وا کوێلەییانە لە ناخی مرۆڤی چەوساوەدا دروستبکات کەوا مرۆڤ هەتا پاش نەمانی چەوسانەوەو کوێلایەتیش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ناوەخۆی هەر بە کوێلەو چەوساوە بمێنێتەوە.
زانای ئەمریکی Stanly Elkins لە لێکۆلینەوەیەکیدا لە سەر کوێلە ڕەشەکانی ئەمریکا دەلێت: " کاتێک کوێلە ئەمریکی یەکان لە ڕێگای یاسایی یەوە لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم ڕزگار بون نەک خۆیان ڕزگار کرد، زۆریان نەیاندەزانی چی لەم ئازادی یەی خۆیان بکەن بۆیە دەگەڕانەوە ژێر دەستی کوێلەچی یەکان، ئەمجارەیان بە ئازادی خۆیان چونکە زنجیری کوێلایەتی گیانی بەستبونەوە لە ناوەوە.
فەرمون سەیری کوردوستانی عێراق بکەن چۆن نوێنەرانی میللەتی کورد لە گەل ئەوەی هەلی ڕزگاربونی تەواویشیان بۆ هەلکەوتوە هەردەم جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کەوا بە هیچ جۆرێک نایانەوێ بە تەواوەتی ئازادبن. کەچی ئاسانترین ڕێگا بۆ ڕزگاربونی یەکجاری ئەنجامدانی یەک ڕیفەراندۆمە لە کوردوستاندا لە سەر مافی چارەنوس. چەوساندنەوەی سەدەها سالە مرۆڤی کوردی لە ناخەوە وا کەلەمچە کردوە کەوا

بەرامبەرەکی پێوستی بە زنجیر نی یە بۆ ڕاگرتنی چونکە ئەو مرۆڤە لە ناخی خۆی بەستراوەتەوە وا ئەزانێت ناتوانێ بە بێ چادێری بێگانە بژیێت.

بەلام سایکۆلۆجیای چەوساندنەوە هەروەکو لە سەرەتا باسمانکرد ناوێکی تریشی هەیە ئەمیش سایکۆلۆجیای ڕزگاریخوازی یە واتە هەمو چەوسانەوەیەک ڕزگاربونی بە دواوەیە بەلام چۆن؟

## لە سایکۆلۆجیای چەوساندەوە بۆ سایکۆلۆجیای ڕزگاریخوازی

مەبەستی سایکۆلۆجیای چەوساندنەوە دروستکردنی ڕەشبینی نی یە لە گیانی مرۆڤی چەوساوە  بەلکۆ دەستنیشانکردنی برینە سەرڕێژنەبوەکانی یەتی کەوا چەوسانەوە لە گیانی جێ ی هێشتوە ئەمەش بە مەبەستی تێگەیشتنیانو چارەسەرکردنیان. چارەسەری دەردی چەوساندنەوەش ڕزگاربونە لە دەستی.
ڕاستە هەتاکو کۆمەلگای مرۆڤایەتی هەبێت، چەوسانەوەش کۆتایی نایەت چونکە هەر لە گەل بنبڕکردنی شێوەیەک شێوەیەکی تری چەوساندنەوە سەرهەلدەدات وە لە هەمانکاتیشدا خەباتێکی نوێ بۆ بەربەرەکانی کردنی دەستپێدەکات. بۆ نمونە لە گەل نەمانی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لە کوردوستانی عێراق، چەوساندنەوەی سیاسیو ئابوری خۆمالی دەستی پێ کرد لە لایەن چینێکی سیاسیو خێلایەتی مشەخۆر کەوا لە ڕێگای هێزەوە هەولدەدات ئیمتیازاتی زیاتر بە دەست بێنێت یاخود ئەوەی زەوتی کردوە بیپارێزێت. چەوساندنەوە هەرچەندە توندیش بێت لەوانەیە بتوانێت بۆ ماوەیەک گیانی بەرهەلکستکاری لە ناخی مرۆڤی چەوساوە کپ کاتەوە بەلام هەرگیز ناتوانێت بنبڕی بکات.

ڕزگاربون بە پێناسەی زنایانی سایکۆلۆجیای ڕزگاربون تەنها بە مانای کۆتایی هێنان بە دیاردەی چەوساندنەوە نایەت بۆ تاکو کەسو کۆمەل، بەلکو ڕزگار بون ئەو کەسەش دەگرێتەوە کەوا بڕیاردەدات لە دژی چەوساندنەوە خەبات بکات.
مرۆڤی چەوساوە هەردەمێک هەنگاوی یەکەمی نا بۆ بەرەنگاربونەوەی چەوسانەوەکەی ئەوا بە مرۆڤێکی ڕزگاربو لە دەست چەوساندنەوە دادەنرێت چونکە چەوساندنەوە بریتیی یە لە سەپاندنی مەرجو وویستی لایەنێک بە سەر لایەنەکەی تر لە ڕێگای زۆرەوە، وە هەردەمێک مرۆڤی چەوساوە ئەم مەرجەی قەبول نەبو وە بەرەنگاری بوەوە، ئەوا بە مرۆڤێکی ڕزگارکراو دادەنرێت.

ئەو مرۆڤەی بە چەوسێنەری ووت "نا" یاخود دەستی لە دەوروبەری خۆی کوتا بۆ بەردێک،خوترمەیەک، خەنجەرێک، چەقۆیەک، تەورداسێک یاخود تفەنگێک بۆ وەشاندنی

بە ڕوی چەوسێنەر، ئەوا یەکەم کەس کەوا ئەم مرۆڤە لە چەوساندنەوە ڕزگاری دەکات خۆیەتی. بۆیەشە لە کوردوستان خەلق لە گەل زەحمەتی ژیانی پێشمەرگایەتیو مەترسی یەکانیشی بۆ سەر ژیانیان بە پۆل دەبونە پێشمەرگە، چونکە هەر لە گەل چونە ڕیزی پێشمەرگە خۆیان لە دەست چەوساندنەوە ڕزگار دەکرد وە هەولی ڕزگارکردنی خەلقانی تریشیان دەدا. مرۆڤی چەوساوە هەر لە گەل یەکەم هەنگاوی خەباتکردن دژ بە چەوسێنەر هەمو خەسلەتە بەدەکانی مرۆڤی چەوساوەی لە سەر لادەچێت. لە مرۆڤێکی باوەڕبەخۆنەبوو سستو ترسنۆک دەبێتە مرۆڤێکی ئازاو داهێنەرو خاوەن باوەڕی پۆلایین. دیارە ژیان بە سەر بەرزی یەوە خۆشە وە مردنیش لە هەندێ جۆری ژیان، وەکو ژیانی ژێردەستی خۆشترە.

فەیلەسوفی فەرەنسی سارتر لەم بارەیەوە دەلێت کەوا هەمو ڕێچکەلەیەک بەرەو ڕزگاربون لە ناخی مرۆڤی چەوساوە خۆی دەستپێدەکات. ئەو ڕێچکەلانە زۆرن کە مرۆڤ بەرەو ڕزگار بون لە دەست چەوساندنەوە دەبەن کە بە پێ ی هەلومەرجی کۆمەلگاو جۆری چەوساندنەوەکە دەگۆڕێن.

نوسەرو پزیشکیو شۆرشگێڕ Fanon لە کتابەکەیدا "پلقاندراوەکەنی سەرزەمین" باوەڕی بە خەباتی چەکدارانە هەیە، غاندی بە دەستی ڕوتو خۆ برسی کردن گەورەترین هێزی داگیرکەری سەردەمی خۆی بەزاندو ڕاوی نا. زاناو شۆرشگێڕی بەرازیلی Paul Freireلە کتابەکەیدا "پەروەردەی چەوساندنەوە" باوەڕی بەوە هەیە کەوا هەمو پڕۆسەیەکی ڕزگاریخوازی بە ئاگاداربونەوە لە چەوساندنەوەکە دەستپێدەکات. واتە مرۆڤی چەوساوە دەبێت پێشتر لە ناعەدالەتی حالەتەکەیو مافەکانی خۆی ئاگادارکرێتەوە وەکو قۆناغی یەکەم تاکو ووزەی خۆڕزگارکردن لە گیانیدا وەکو کانی یەک بتەقێتەوە، وە قوناغی دووەمیش بریتی یە لە پڕۆسەیەکی بەردەوامی ڕزگاربون لە دەست چەوساندنەوە. ئەو مرۆڤەی مافەکانی خۆی بزانێت وە بشزانێت میکانیزمی چەوساندنەوە چۆن کاردەکات ئەوا مەحالە تەنها یەک چرکەش بەم چەوساندنەوەیە قایل بێت. جا کەی بەرەنگاری چەوسێنەرەکەی دەبێتەوە تەنها پرسیاری کاتە.

میللەتی کورد وەکو هەنگاوی یەکەم لە کوردوستانی عێراقدا لە دەست چەوساندنەوەی نەتەوەیی ڕزگاری بوە بەلام دووچاری چەوساندنەوەی سیاسیو ئابوری خۆمالی بۆتەوە، کەوا بە پێشکەوتنێک دادەنرێت بە بەراورد لە گەل قوناغی پێشوی جینۆسایدو ئە نفال، بەلام چەوساندنەوە بە هەمو جۆریکی یەوە جێگای قەبولکردن نی یە، هەرچەندە دەبێ میتۆدی بەربەرەکانی کردنیشی زۆر جیا بێت لەو میتۆدەی دژ بە ڕژێمی ڕوخاوی عێراق بە کار دەهات.

لە قۆناغی ئێستای کوردوستانی عێراقدا زیاتر دەتوانرێت بە ڕێگای سیاسیو یاسایی بەربەرەکانی دیاردەی چەوساندنەوە بکرێت. بە ڕێگای سیاسی وەکو لە ڕێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە وە سزادانی لایەنی گەندەلو چەوسێنەر لە ڕێگای

هەڵنەبژاردنیان وە هەتا لە ڕێگای خۆپشاندانی ئاشتیخوازانەش. لە ڕێگای یاساییش بە هۆی داڕشتنی دەستورێکی مۆدێرنی هەرێمی کوردوستان کەوا مافە بنەڕەتی یەکانی هاوولاتیانی کوردوستان دابین بکات وە حکومەت بتوانرێ لێ پرسینەوەی یاسایی لە گەڵدا بکرێت لە ڕێگای دادگایەکی دەستوری هەرێمەوە.

بە هەر جۆرێک بێت چەوساندنەوەی ئێستاش دەبێت بەربەرەکانی بکرێت، ئەگەر چی خۆمالیشە. چەوساندنەوە ئەگەر زوو بەرەنگاری نەبینەوە ئەوا تەشەنە دەکات وە هەتا بۆی هەیە بگاتە ڕادەی کوێلایەتیو نیمچە کوێلایەتی هەروەکو لە سیستەمە دەرەبەگی یەکانی ناوچەکە بە دی دەکرێت. دیارە لە لایەن خاوەندەسەلاتانی کوردوستان ئامادەکاری بۆ دامەزراندین سیستەمێکی دەرەبەگیو بە کوێلە کردنی مرۆڤی کورد هەیە، بەلام لەم باوەڕە نیم هەر هەمان ئامادەبونیش لە گیانی مرۆڤی کورد بۆ ژیان لە ژێر سیستەمێکی دەرەبەگیو کوێلەیایەتی هەبێت.